# ووتی: (الله ویستی لەسەر بێت وتۆ ویستت لەسەر بێت)، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا منت کردە هاوتا وهاوبەشی خوای گەورە؟ بڵێ: (تەنها ویستی الله ی لەسەر بێت)

له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، قسەی لەگەڵدا کرد سەبارەت بە هەندێك شت، ووتی: (الله ویستی لەسەر بێت وتۆ ویستت لەسەر بێت)، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا منت کردە هاوتا وهاوبەشی خوای گەورە؟ بڵێ: (تەنها ویستی الله ی لەسەر بێت)».

[ئیسنادەکەی حەسەنە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سەبارەت بە بابەتێك قسەی لەگەڵدا کرد، ووتی: (الله ویستی لەسەر بێت وتۆ ویستت لەسەر بێت)، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نکۆڵی لێکرد لەسەر ئەم قسەیە، وپێی فەرموو کە باسکردنی ویستی خولقێنراو لەگەڵ ویستی الله بە پیتی (و) شیرکی بچووکە، ونابێت مسوڵمان ئەمە بڵێت، پاشان ڕێنموێنی کرد بۆ قسەی ڕاست وهەق ئەویش ئەوەیە بووترێت: (تەنها ویستی الله ی لەسەر بێت)، کە بەتاکدانانی الله یە لە ویستیدا، نابێت ویستی الله باس بکرێت لەگەڵ ویستی یەکێکی تر بە بەکارهێنانی پیتی (و) ؛ چونکە ئەم ئامرازە بۆ هاوئاستی ویەکسانی بەکاردێت، و بەکارهێنانی هەر جۆرە دەستەواژەیەکی تر کە هەمان ئەم مانایەی هەبێت ؛ نەهی لێکراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5928

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee